www.kurdistannet.org
به‌كاتی ناوه‌ندی ئه‌وروپا  20:59 29-3-2006

## به‌پاره‌ی خۆمان خه‌ڵكی ئه‌نفالكراومان بۆ بهێنه‌وه‌له‌خوارووی عێراق... قادر نادر



ژنێكی كورد له‌كوردستانه‌وه، تووشی نه‌خۆشی سه‌ره‌تان ببوو، كه‌هاته‌سویدیش، زۆر دره‌نگ بوو، بۆ چاره‌سه‌ركردنی یان زیاتر مانه‌وه‌ی له‌ژیاندا، سه‌ره‌نجام دوای 2 سال كۆ چی دوایی كرد.
ئه‌م ژنه‌كورده له‌لایه‌ن حكومه‌تی سویده‌وه2 كه‌سی بۆ دامه‌زرابوو كه24 كاتژمێر خزمه‌تیان ده‌كرد، له‌تاكسی گرتن ئازاد بوو، باشترین جۆری چوار پای نوستنیان بۆ كریبوو، ماوه‌ماوه‌یارمه‌تیه‌كی مادیان ده‌دا، به‌كورتیه‌كه‌ی خه‌ر جی مانگێكی خۆی زیاتر له10 هه‌زار دۆلار ده‌دا، ئه‌مه‌جگه له‌و مووچه‌یه‌ی كه‌هه‌موو كه‌سێك وه‌ری ده‌گرێت تا كارێك ده‌دۆزێته‌وه.... ...
له‌مه‌ش گرنگتر هه‌ر كه‌سێك خاوه‌ن ره‌گه‌زنامه‌ی سویدی بێت، سه‌فه‌ر بۆ وولاتێك بكات له‌ماوه‌ی 40 رۆژدا، تووشی نه‌خۆشیه‌ك بێت، كه‌له‌وولاته‌كه‌چاره‌سه‌ر نه‌بێت ئه‌وا حكومه‌تی سویدی به‌په‌له‌فرۆكه‌یه‌كی تایبه‌تی بۆ ده‌نێرێت، تا بیگه‌یه‌نه‌وه‌سوید و چاره‌سه‌ری بكه‌ن.
یان هه‌ر هاولاتیه‌كی سویدی هه‌ر رووداوێكی به‌سه‌ر بێت، ئه‌وه‌نزیكترین كۆنسڵخانه‌ی ئه‌و وولاته‌ده‌بێت به‌دوای دا بچێت و رزگاری بكات، به‌هه‌ر چ نرخێك بێت.
ده‌زانم خوێنه‌ران و لایه‌نگرانی یه‌كیتی و پارتی ده‌ڵێن هێشتا ئێمه‌زۆرمان ماوه‌بگه‌ینه‌ئه‌و ئاسته‌خزمه‌تگوزاریانه.... ئه‌گه‌ر چی هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی ده‌ستكه‌وتی مادی تیایه‌بۆ خۆیان، كوردستانیان نزیك كردۆته‌وه‌له‌ئه‌وروپا، وه‌ك خزمه‌تگوزاریه‌كانی، گه‌ره‌كه‌كانی فیرعه‌وناوه‌و خه‌ونه‌كان، هێنانی جۆره‌ها شێوه، خه‌تی ئه‌نته‌رنێت، ته‌له‌فۆن، جۆری ئۆتۆمۆبیل.... ..... ...
منیش ناڵیم ده‌توانن وه‌ك حكوومه‌تی سوید بكه‌ن، به‌لا م خۆ ده‌توانن به‌و داهاته‌ی خه‌ڵك كه‌مولكی سه‌ره‌كی خه‌ڵكه‌نه‌وه‌ك ئێوه، وه‌كه‌س نازانێت چۆن خه‌رج ده‌كرێت و چی لێدێت؟ له3 سالی رابردوودا بچن روفات و ئێسك و پروسكی خه‌ڵكی ئه‌نفالكراومان بۆ بهێنه‌وه، ئه‌م ووته‌یه‌ش راست نیه، كه‌ده‌ڵێن شوێنه‌كانیان نه‌دۆزراوه‌ته‌وه، سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌نێو ئه‌و 2 وه‌زاره‌ته‌ی خۆیان، به‌رێكخراوی چاكی راگه‌یاند، چه‌ندین گۆری به‌كۆ مه‌لی خه‌لكی ئه‌نفالكراومان دۆزیته‌وه‌له‌نوگره‌سه‌لمان، عادن، غانش......له‌خوارووی عێراقه‌وه، به‌لام یه‌كێتی وپارتی نایانهێنه‌وه، دڵنیام ئه‌گه‌ر ئێسك و پرووسكی خه‌لكی ئه‌نفالكراو، ئۆتۆمۆبیلی عه‌لووج بوایا، ده‌مێك بوو گه‌یشتبوونه‌وه‌كوردستان.
. له‌هه‌موو وولاتێك به4 سال سه‌رۆك و پارت هه‌لده‌سه‌نگێنرێت ئێوه4كه‌ره‌ت 4 ن، كه‌چی هێشتا بێ پرۆژه‌ن بۆ خه‌ڵكی هه‌ڵه‌بجه‌و پاشماوه‌ی ئه‌نفاله‌كان؟ ئاخر له‌وه‌كاره‌سات تر هه‌یه‌دوای 14 سال له‌ده‌سه‌لات لای یه‌كێتی، كۆمه‌ڵێك ده‌ستكه‌ووتی زۆر سه‌ره‌تایی بۆ خه‌ڵك ئه‌نفالكراو دابین كراوه، كه‌چی پارتی وا 15 شی پر كرده‌وه‌خاوه‌نی هیچ خزمه‌تگوزاریه‌ك نیه‌بۆ پاشماوه‌ی ئه‌نفاله‌كان.
ئه‌و قۆناخ به‌سه‌ر چوو به‌كۆ مه‌ڵێك درووشمی بریقه‌داره‌وه‌خه‌ڵك فریو بده‌ن، ئێستا سه‌ره‌تای ئه‌و پرسیاره‌گشتیانه‌لای خه‌لك دروست بووه، چیتان كردوه‌بۆمان ده‌ستكه‌وته‌كانتان بژمێرن؟ وه‌ووته‌و كردارتان به‌راوورد ده‌كه‌ن، ئه‌مه‌ش گۆڕانێكی گه‌وره‌ی به‌دوا دێت، وا رۆژانه‌ناره‌زایه‌تیه‌كان ده‌بینین.